نووسینی
کەنزان ئەفەندی



# فێربوونی خەتی ڕوقعە

## سەرەتایەك بۆ هونەری خۆشنووسی

بەناوی خوا

سوپاس و ستایش بۆ ئەو زاتەی کە بەهۆی قەڵەمەوە زانست و زانیاری فێرکردووین .

(خامە) هەوڵێکی بەندەیە بۆ سوود گەیاندن بەو لاوانەی کە ئارەزوومەندن بۆ هونەری خۆشنووسی و بە جۆرێك کە لە نوسینەکانیان نارازیین ، وە هەوڵێکە بۆ پەرەپێدانی هونەری خۆشنووسی ، لە (خامە) داهەوڵم داوە بە شێوەیەکی پراکتیکی و زۆر بە وردەکاری چڕو پڕ باس لە یەکە بەیەکەی نووسینی پیتەکانی خەتی روقعە بکەم ، کە سەرەتایەکە بۆ خۆشنووسی و دەروازەیە بۆ خەتەکانی تر، خەتی روقعە سەرەڕای جوانی و ناسکی یەکەی ، سادەو ساکارە بۆ نووسین و بۆ خوێندنەوە ، پیتەکانی تێکەڵاو نین و کورتن و بە پانی قەڵەم دەنووسرێن ، سەرو بۆریشی نیە بۆیە لەبارە بۆ زمانی کوردی ، هەروەها رۆڵێکی راستەوخۆی هەیە لە رێك وپێك کردن وجوانکردنی نووسینی ئاسایی . هیوادارم ئەم هەنگاوەم جێگای سوود گەیاندن و بەشێك بێت لە خەرمانی پڕ بەرەکەتی هونەری خۆشنووسی ، تەنها خواش لە کەم و کوڕی بەدووره .


پێداویستیە سەرەتاییەکانی خۆشنووسی :

قەڵەم یاخود قامیش / مەرجە نوکێکی پانی هەبێت ، وە لەسەر گۆشەی ٤٥ بردرابێت (کە لەوێنەکە دا دیارە ) . پێویستە لە کاتی نووسین دا هەموو پانایی دەمی قامیشەکە لەسەر کاغەزەکە دابنیشێت ، وە مەرجە بۆ خەتی روقعە دەمی قامیشەکە لەسەر گۆشەی ٤٥ دابندرێت بۆ گشت پیتەکان .




مەرەکەب یاخود حــــبر / گیراوەیەکی رەش یاخود رەنگاورەنگی بێ گەردە . دوای دانانی لیقە لە ناو شووشەیەك ، بە پێ ی پێویست مەرەکەبی تێ دەکرێت .

کاغەر / پیویستە پارچە پێستێك یاخود چەند کاغەزێك بخرێتە ژێر ئەو کاغەزەی کە لەسەری دەنووسیت ، واتە ژێری تۆزێك نـــــەرم بێت . رێك و پێکی و تەواوی هەر یەك لەم سیانەی باسمان کردن کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر رێك و پێکی و جوانی نووسینەکەمان .




نوقته / لەسەر گۆشەی چل و پێنج یاخود کەمێك زیاتر ، نووکی قامیشەکەمان دادەنێین ( ئەمە لەسەر هەموو پیتەکانی تریش جێ بەجێ دەبێ) . پاشان جولەی قامیشەکە لە سەرەوە بۆ خوارەوەو لای راست دەست پێ دەکەین ، لە شێوەی مەعینێکی ناتەواو .

نوقتە : پێوانەیە بۆ گشت پیتەکانی تر .

دوو نوقتە / لەسەر هەمان گۆشە جولە دەست پێدەکەین لە راستەوە بۆ چەپ بە درێژی یەك نوقتە ، سەرەتاکەی کەمێك بەرزترە لە کۆتاییەکەی ، (ئەمەش جێ بەجێ دەبێ لە سەر هەموو پیتەکانی تری خەتی روقعە) .

سێ نوقتە / لەسەر هەمان گۆشە جولەی یەکەم دەست پێدەکەین لە خوارەوە بۆ سەرەوە ، وە جولەی دووەم هاو شێوەی نوقتە . بە بەرزی نوقتەیەك و لاری بۆ لای راست بە نوقتەیەك .



www.facebook/afandypage





هەمزە / بە سێ جوولەی دەست دەنووسرێت .

جوولەی یەکەم لە سێ نوقتەیەکی بچووك دەچێت ، وە جوولەی دووەم لە نوقتەیەك دەچێت ، جوولەی سێیەمیش دەمی قامیشەکە بە ئاراستەی لای چەپ دەجولێنین لە گەڵ سوڕانی دەمی قامیشەکە .

( دەتوانی بە فرێدانی دەمی قامیشەکە بەشی سێیەمی دروست بکەی ) .

لە سەر خەت دادەنیشێت .

تێبینی شوێنی لکانی هەرسێ پارچەکە بکە بە یەکەوە .





ئەلف / لە یەك جوولە پیك دێت .

لەسەر هەمان گۆشە دەمی قامیشەکە بە شێوەیەکی ستوونی لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەجولێنین بە بەرزی سێ نوقتە ،
پاشان دەستمان لە جوولە دەوەستێنین .

تێبینی بکە سەرەتای پیتەکە بۆ لای چەپ کەمێك لارە .

لەسەر خەت دادەنیشێت .


تێبینی : پێویستە لە سەرەتاوە بۆ نووسینی هەموو پیتەکان و ووشە و رستەش ، لەسەر کاغەزەکەبەراستە خەتێك بکێشین بۆ ئەوەی هەر لەسەرەتاوە رابێین لەسەر دانیشتنی پیتەکان لەسەر خەتی کورسی .




بـــــــاء / شێوەی یەکەمی لە سێ جوولە پێك دێت .

جولەی یەکەمی هاوشێوەی نوقتەیەك ، جولەی دووەمیش هاوشێوەی دوو نوقتەیەکی درێژە بە پێوانەی سێ نوقتە ، جوولەی سێیەمیش هاو شێوەی سەرەتای سێ نوقتە بە ئاراستەی هەمان گۆشە ، بە وەستانی دەستمان کۆتایی بە پیتەکە دێنین . حەوزەکەی کەمێك قەوسە و درێژ دەبێتەوە بە پێوانەی سێ نوقتە ،

تێبینی بکە بەشی کۆتاییەکەی لەسەر خەت دادەنیشێت و سەرەتاکەی کەمێك بەرزە هەروەکو لە باسی (دوو نوقتە) ئاماژەمان پێ کرد.





بـــــــاء / شێوەی دووەمییشی لە سێ جوولە پێك دێت .

جولەی یەکەمی هاوشێوەی سەرەتای سێ نوقتەیە ، جوولەی دووەم هاو شێوەی دوونوقتەیەکی درێژە ( هەمان حەوزی شێوەی یەکەمی باء) ە بە هەمان پێوانەش ، جوولەی سێیەمیش لە سەرەتای سێ نەقتە دەچێت (هەمان کۆتایی شێویی یەکەمی باء) .


تێبینی بکە بەشی کۆتاییەکەی لەسەر خەت دادەنیشێت و سەرەتاکەی کەمێك بەرزە هەروەکو لە باسی (دوو نوقتە) ئاماژەمان پێ کرد.



www.facebook/afandypage




جیم / لە چوار جوولە پێك دێت .
جوولەی یەکەم هاوشێوەی نوقتەیەکە بە ئاراستەی پێچەوانە و جوولەی دووەم هاوشێوەی دوونوقتە یە ئەمیش بە ئاراستەی پێچەوانەو کەمێکیش کەوانەیی یە ، جوولەی سێیەم هاوشێوەی سەرەتای سێ نوقتە یە بەڵام پێوانەکەی گەورەترە وکەمێکیش شێوە کەوانەییە ، جوولەی چوارەمیش بەشی ناوەڕاستی پیتی ( ب ) ە بە ئاڕاستەی پێچەوانە کۆتاییەکەشی دەمی قامیش دەسوڕێنیت یاخود بە فڕێدانی دەمی قامیش کۆتایی بە نوسینی پیتەکە دێنین .
تێبینی شێوە سێگۆشەییەکەی چاوی پیتەکە بکە .
تێبینی دانیشتنی پیتەکە بکە لەسەر خەت ، کە بەشێکی لە خەت دادەبەزێت .





دال / له دوو جوله پێك دێت .

بەکورتی نیوەی یەکەمی پیتی (ب) ە ،

جولەی یەکەمی هاوشێوەی نوقتەیەك و جوولەی دووەمیشی هاوشێوەی دوو نوقتەیە ، بەرزی و درێژی دوو نوقتەیە ،

لەسەر خەت دادەنیشێت .

تێبینی بەیەکەوە لکانی دوو جولەکە بکە .





راء / له جولەیەك پێك دێت

کەمێك دەستمان بۆ خوارەوە دەجولێنین پاشان بۆ لای چەپ هاوشێوەی دوو نوقتە بە درێژایی دوو نوقتە ، دواتر بەسوڕاندنی دەمی قامیشەکە کۆتایی بە نووسینی پیتەکە دەهێنین ،

دەتوانی کۆتاییەکەی بە فڕێدانی دمی قامیش یاخود بە رەسم کردن دروست بکەیت .

لەسەر خەت دادەنیشێت .

تێبینی ئاراستەکانی سەرەتاو کۆتایی پیتەکە بکە .



سین / شێوەی یەکەمی لە پێنج جولە پێك دێت
جولەی یەکەم و دووەمی بەشێکە لە پیتی ( ب ) ە ، بۆ دروست بوونی حەوزەکەشی نوقتەیەك پاشان هاوشێوەی
دوو نوقتەیەکی گەورەی کەوانەیی و دواتریش بە جولەیەکی هاوشێوەی سەرەتای سێ نوقتە پیتەکە دەنوسرێت .
حەوزی (س) هەروەکو حەوزی (ب) ە بەڵام کورتتر بە پێوانەی دوو نوقتە وبەکەوانەییەکی زیاتر کە نیو نوقتە دەبێ.
کۆتایی حەوزەکەی لەسەر خەت دادەنیشێت .




**سین / شێوەی دووەمیشی لە پێنج جولە پێك دێت**

**جوولەی یەکەمی هاوشێوەی سەرەتای پیتی ( ر ) ە و جوولەی دووەمیش بریتیە لە دوو نوقتە کەمێك سەرەتاکەی بەرزتر دەکرێت ، پاشان لە سێ جولەدا حەوزی ( س ) ی پێوە دەلکێنین ..**

**تێبینی لەسەر یەك دانیشتنی جوولەی یەکەم و دووەم بکە .**

**کۆتایی حەوزەکەی لەسەر خەت دادەنیشێت .**



صاد / له شەش جوله پێك دێت

جولەی یەکەم و دووەمی بریتیه له نووسینی سێ نوقته ، جولەی سێیەمی بریتیه له بەشێك له حەوزی (ب) و جولەی چوارەم و پێنجەم و شەشەمی بریتیه له نووسینی هەمان حەوزی (س).

کۆتایی حەوزەکەی لەسەر خەت دادەنیشێت .

تێبینی شێوه و ئەندازەی بۆشایی چاوی پیتەکه بکه .




طـــاء / له چوار جوله پێك دێت


جولەی یەکەم و دووەم و سێیەمی بریتیە لە سەرەتای (ص)، کۆتاییەکەشی بەسوڕانی دەمی قامیش یاخود فڕێدانی یان بەشێوەی رەسم کردن دروست دەبێت دەبێت ، پاشان لە جولەی چوارەم دا (ا) یێك بە ئەندازەی سێ نوقتەی لەسەر دادەنێین .

کۆتاییەکەی لەسەر خەت دادەنیشێت .

تێبینی چاوی پیتەکە بکە هاوشێوەی پیتی (ص) ە .



www.facebook/afandypage





عین / لە چوار جولە پێك دێت .

جوولەی یەکەمی بریتیە لە دوونوقتەیەکی بچووکی کەوانەیی کە ئاراستەی کۆتاییەکەی بەرەو خوارەوەیە ، جوولەی دووەمیش بریتیە لە نوقتەیەکی درێژ کە ئەمیش کەمێك کەوانەیی یە ، سەرەتاکەی پیتەکە لە ژمارە (دوو) دەچێت ، پاشان لە جولەی سێیەم و چوارەم دا دوو بەشی کۆتایی پیتی(ج)ی پێوە دەلکێنین بەهەمان پێوانە ، و هەمان دانیشتن ، کە نوقتەیەك لەسەر خەت و دوو نوقتەش لە ژێر خەتەوە .

تێبینی جیاوازی سەری پیتەکە بکە لەگەڵ پیتی (ج) .



www.facebook/afandypage



فـــاء / له پێنج جوله پێك دێت .

جولەی یەکەم لە دوو نوقتەیەکی کورتی کەوانەیی دەچێ ، جولەی دووەمیش سەرەتای سێ نوقتەبە بچوکی و جولەی سێیەمیش هاوشێوەی نوقتەیەکە کەمێك درێژتر و کۆتاییەکەشی باریك دەبێتەوە بەرەو خوارەوە ، دواتر حەوزی(ب)ی پێوە دەلکێنین کە جولەی چوارەم و پێنجەمیەتی .


سەری (ف) لەناو یەك دەخولێتەوە بۆیە چاوی نیە و تێبینی شێوە قوچەکیەکەی کۆتایی بەشی سێیەمی بکە .

تێبینی بۆشایی نێوان سەری پیتەکەو حەوزەکەی بکە .

کۆتایی حەوزەکەی لەسەر خەت دادەنیشێت هەروەکو پیتی (ب) .



www.facebook/afandypage




قاف / له شەش جوله پێك دێت .

له سێ جولەی سەرەتا دا هەمان سەری ( ف ) بەڵام کەمێك درێژتر لەگەڵ حەوزی ( س ) بەیەکەوە دەلکێنین له دوو جولەی تر دا ، دواتر دوو نوقتەیەك له کۆتاییەکەی دادەنێین ، بە هەمان پێوانه . دەتوانی دوو نوقتەی کۆتایی بە تەنیا لە سەر پیتەکە دابنێیت .

تێبینی سەری پیتەکە بکە کە چاوی نیە ، چونکە سێ جولەکە لەناو یەکتردا دەخولێنەوە .

کۆتایی حەوزەکەی لە سەر خەت دادەنیشێت .




کاف / له پێنج جوله پێك دێت .

جولەی یەکەم پیتی ( ا ) ە وجولەی دووەم هەمان حەوزی (ب) ە ودواتر سێ نوقتەیەك و دوو نوقتەیەك لەدوای یەك

جولەی سێیەم و چوارەم و پێنجەمی پێکدەهێنن .


تێبینی بۆشایی نێوان جوولەکان بکە لەگەڵ بەرزی و نزمی کۆتایی پیتەکە .

لە شێوەی دووەمیشی دەتوانی (هەمزە) لە ناو حەوزی پیتەکە دابنێیت لە جیاتی بەشەکانی کۆتایی .


کۆتایی حەوزەکەی لەسەر خەت دادەنیشێت .



www.facebook/afandypage




لام / له سێ جوله پێك دێت .
جولەی یەکەمی دروست دەبێت له پیتی ( ا ) وجولەی دووەم و سێیەمیشی بریتیه له حەوزی ( س )
تێبینی کۆتایی پیتەکە بکە ئاراستەی بۆ سەرەتای دروست بوونەکەیەتی .
کۆتایی حەوزەکەی لەسەر خەت دادەنیشێت .




میم / له چوار جوله پێك دێت .


جوولەی یەکەمی سەرەتای سێ نوقتەیە ، جوولەی دووەمی بریتیە لە نوقتە و جوولەی سێیەمیش بریتیە لە دوو نوقتەیەکی درێژ .. پاشان هاوشێوەی پیتی ( ا ) لەسەرەوە بۆ خوارەوە بەلارییەکی کەم بۆ لای راست جوولەی چوارەم و کۆتایی دەنووسین .

تێبینی دانیشتنی پیتەکە بکە لە سەر خەت .

تێبینی سەری پیتەکە بکە چاوی نیە چونکە جولەکان لە ناو یەکتر دان .



www.facebook/afandypage



نون / لە چوار جولە پێك دێت .

جولەی یەکەمی نوقتەیەك وجولەی دووەمی بەشێکە لە حەوزی ( س )  و جولەی سێیەمیشی بریتیە لە سەرەتای سێ نوقتە ، کە ئەمانە هەمووی بریتین لە تەواوی حەوزی ( س ) پاشان نوقتەیەك لە کۆتاییەکەی دادەنێین بە ئاراستەی ناوەوە  . کە دەتوانین ئەم نوقتەیە بە جیاش بنووسین .

تێبینی بۆشایی ژێر نوقتەکە بکە .

کۆتایی حەوزەکەی لەسەر خەت دادەنیشێت .



www.facebook/afandypage





واو / له چوار جوله پێك دێت .

بەشی یەکەم کە بریتیە لە سەری ( ف ) لە سێ جولە دروست دەبێت ، پاشان لە جولەی چوارەم دا پیتی ( ر ) ی بەژێرەوە دەلکێنین ، تا دەکەوێتە سەر خەت .

تێبینی سەری پیتەکە بکە لەگەڵ بەشی کۆتایی کە بۆشاییان لە نێواندا هەیە ، ئەمەش جێ بەجێ دەبێ لەسەر پیتەکانی ( ف ) و ( ق ) یش ، کە پیشتریش ئامازەمان پێکردوە .



www.facebook/afandypage




بزوێنی کورت / لە سێ جوولە پێك دێت .


جوولەی یەکەم و دووەمی هاوشێوەی سێ نوقتەیە و جوولەی سێیەمیش بریتەیە لە دوو نوقتە ، کەواتە بە دانانی سێ نوقتەیەك و دوو نوقتەیەك لە سەر یەکتری پیتەکەمان بۆ دروست دەبێت .

تێبینی شێوەی چاوی پیتەکە بکە .

لەسەر خەت دادەنیشێت .



www.facebook/afandypage




هـــــاء / له شەش جوله پێك دێت .


سەرەتاكەی بریتیه له سێ نوقتەیەك كە جوولەی یەكەم و دووەمیەتی بەدرێژكردنەوەی بەشی دووەمی سێ نوقتەكە ، دواتر لكانی بە پیتی ( د ) پاشان بە دوو جووله هاوشێوەی پیتی ( ه ) دەنووسین ، دواتریش هاوشێوەی پیتی ( ر ) كۆتایی بە پیتەكە دەهێنین .

تێبینی شێوه سێگۆشەییەكەی بكە لەگەڵ دانیشتن وسازانی ( ه ) له ناو پیتەكەدا و یەكسانی بۆشاییەكانی .


بەم شەش جولەیه و لەم چەند پیتەی تر دروست دەبێت و لەسەر خەت دادەنیشێت .



www.facebook/afandypage




لا / له سێ جوله پێك دێت .
جولەی یەکەم هاوشێوەی ( ا )ێکی کورت به ئەندازەی دوو نوقته ، جولەی دووەمیش هاو شێوەی ( ر ) بەلام درێژ تر که ئەندازەکەی نزیك له چوار نوقته دەبێ و دواتریش پیتێکی ( ا ) ی تەواوی لەسەر دادەنێین .
کۆتایی پیتەکه له سەر خەت دادەنیشێت .




یــــاء / له چوار جوله پێك دێت .

جوڵەی یەکەم و دووەمی بریتییە لە سەری ( هەمزە )  و جوڵەی سێیەم و چوارەمیشی بریتیە لە حەوزی ( س )

کە حەوزی هەر یەکە لە پیتەکانی ( ص ، ق ، ل ، ن ) یشە .

تێبینی بۆشاییەکانی نێوان جوڵەی یەکەم دووەم و سێیەم  بکە .


کۆتایی حەوزەکەی لەسەر خەت دادەنیشێت .


دروست دەبێت لە
دروست دەبێت لە
پیتی ( ب )
لە سەرەتا و
ناوەڕاست و کۆتایی
ئەم بڵند بوونەوەیە
بە چوکلە دادەندرێت
ب + ب + ی


شێوەی دووەمی (ج) بەکاردێ
لەگەڵ ئەو پیتانەی کە نزم دەبنەوە
شێوەی یەکەمی (ج) بەکاردێ
لەگەڵ ئەو پیتانەی کە بەرز دەبنەوە
لە سێ نوقتە و دوو نوقتەیەک
لەسەر یەک دروست دەبێت
لەسەرەتاو ناوەراست و کۆتایی

(س) لە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی و شێوەکانی

دروست بوونی
(س) ی سەرەتایی



تێبینی جیاوازیەکانیان بکە
لەگەڵ ئەوەی کە پێکهاتەی دروست بوونیان یەکە

پیتی (ص) لە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی بەم شێوانە دەنوسرێت



تێبینی چوکلەی (ص) بکە



تێبینی چوکلەی (ص) بکە

صا صب صج صد صر صس صص صط صع

صف صق صك صل صم صن صو صه صلا صی




طا طب طح طد طر طس طص طط طع طف

طە طك طل طم طن طو طه طلا طى




www.facebook/afandypage


لەگەڵ (ك و ل) بەم دوو شێوە دەنوسرێت

هەمان دروست بوونی سەری (ع)
کە لەشێوەی ژمارە (دوو) دەچێت
لەگەڵ دانانی دوو نوقتەیەکی درێژلە ژێرەوەی

لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی
سەرنجی شێوەکەی بدە











www.facebook/afandypage






هاوشێوەی پیتی (ا) ە
لە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی
دروست دەبێت
لە دوو جولە
بۆشایی
شوێنی دانیشتنی
(ل) و (ك)
سەرەتاو ناوەڕاستیان
وەك یەکە


لەگەڵ لکاندنی بە (ط) کە چوکلەدار نیە
لە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی
شێوەی لەگەڵ
لکاندنی بە (ھ)
بۆشایی
لەگەڵ پیتە چوکلەدارەکان


له سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی
شێوەی دووەمی
لە ناوەڕاست
ئەم شێوەی ( ـهـ ) دێتە خوارێ لە خەت
بەڵام لەم وشەیەدا لەبەر کۆتا پیت کە (ل) ە بڵند بووە
لە وشە دا کۆتا پیت لەسەر خەت دادەنیشێت


طا
ش
ش
ض
من
بى
ده
ره
لكانى پيتەكان
لكانى و، س
لكانى و، ل
نون
تدكره
سالى
تعلم
له وشەدا كۆتا پيت
لەسەر خەت دادەنيشێت
بەرز دەبێتەوە
دووری نێوان پیتەکان یەک نوقتەیە
کورت دەبێتەوە
کورت دەبێتەوە
عبادە
کورت دەبێتەوە
دانیشتنی پیتەکان
لەسەر یەک لە ڕستەدا
دووری نێوان پیتەکان یەک نوقتەیە
له وشەدا كۆتا پيت
لەسەر خەت دادەنيشێت

نوقتە لەسەریان لە ژێر پیتەکە دادەندرێت

تێبینی دووره پیتەکان لەیەکتر بدە

بسم الله الرحمن الرحيم خيركم من تعلم القرآن وعلمه

سم لله حمه بەم شێوازانەش دەنوسرێت مه سعم وعلمه علمه

بەخیل خۆی نایخوا و هەروێشی نەفەرە ماڵی خۆی نە خۆ بۆ چ کەمە بۆ ئەوە

کە بووی بە حەلقەی بە هەدەرگای خەلقی بە سەرهاتەدەن لە بەرێ کەڵکی

پارە خزمەتکارێکی چاکە و گەورەیەکی خراپە



www.facebook/afandypage

**دوای مەشق کردن لە سەر کۆی پیتەکان**
**دەتوانی بە قەڵەمی ئاسایی خەتی روقعە بنووسی**

بسم الله الرحمن الرحيم الحمد لله رب العالمين

الرحمن الرحيم ملك يوم الدين اياك نعبد

واياك نستعين اهدنا الصراط المستقيم

صراط الذين انعمت عليهم غير المغضوب عليهم

ولا الضالين

لە دڵدا خەلق و خودا بوو فائیدەی چی

کە دەم پڕ بێ لە : ایاك وایاك

**پێویستە لەسەر خۆ و بە هێمنی و بەتەرکیز**
**مەشق ئەنجام بدەی !**

ئەبێ میللەت هەموو یەکبن لەگەڵ یەک

لە ئەربابی قەڵەم تا خاوەنی چەک

**ئیستا دەتوانی بەقەڵەمیش**
**مەشقی زیاتر بکەی**

ئەچمە بەرمەیدانی دوژمن

یا حەلاڵ کا گەردەنم

نامەوێ ئەم ژینە تاڵە

یا وەتەن یا مردنم



www.facebook/afandypage



کارزان ئەبوبەکر کەریم ١٩٨١هەولێر

پەیمانگەی هونەرە جوانەکان – بەشی نیگارکێشی

ئەندامی دەستەی کارگێری کۆمەڵەی خۆشنووسانی کوردستان

ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان

ئەندامی کۆمەڵەی خۆشنووسانی عیراق

– خولی خۆشنووسی کۆمەڵەی خۆشنووسانی کوردستان ١٩٩٦
– ڤیستڤاڵی ساڵانەی پەیمانگە ١٩٩٧ تا ٢٠٠٢
– پیشانگەی هاوبەشی قوتابیانی قۆناغی سێ یەمی پەیمانگە (تخطیط)
– ڤیستڤاڵی دووەمی هەولێر بۆ خۆشنووسی و نەخشسازی ٢٠٠٠
– پێشبڕکێ ی ساڵیادی کۆمەڵەی خۆشنووسانی کوردستان ٢٠٠١
خەلاتی سێیەم لە خەتی نوسخ
– پیشانگەی دووەمی تیپی هونەری بەیان / هەولێر – دهۆك ٢٠٠٢
– پیشانگەی هاوبەشی (٢٠ ) لە خۆشنووسە ناودارەکانی شاری هەولێر
بەناوی (پیتە ڕەنگینەکان لەسایەی ئازادی دا ) ٢٠٠٤
– پێشبڕکێ ی خۆشنووسی ارسیکای جیهانی لە تورکیا بەناوی (میر عماد الحسنی )٢٠٠٤
– پێشبڕکێ ی کۆمەڵەی خۆشنووسان بەناوی (یادەکانی ئادار ونەورۆز ) ٢٠٠٥
خەلاتی ڕێزلێنان لەخەتی دیوانی
– چەند تابلۆیەکی دیواربەند لە قەزای شەقلاوە ٢٠٠٥

– پێشبڕکێ ی (قەڵاو منارە) هەولێر ٢٠٠٦ پاداشت لەخەتی نەستەعلیق
– پیشانگای کۆمەڵەی خۆشنووسان بەهاوکاری کۆڕبەندی هزری ئیسلامی ٢٠٠٧
– پێشبڕکێ ی خۆشنووسی لەسەر ئاستی عیراق بەناوی (کۆڕەك ) ٢٠١٠
خەڵاتی دووەم لەخەتی سولسی ئاسایی
خەڵاتی دووەم لەخەتی تەعلیق ی گەورە / پاداشت لە خەتی نوێکاری
– پیشانگای خۆشنووسی بەناوی (تەنها پێغەمبەری خوا) ٢٠١١
– پیشانگاو پێشبڕکێ ی وەزارەتی ئەوقاف لەیادی لەدایك بوونی پێغەمبەر (ص)
٢٠١٢ خەڵاتی هاوبەش – یەکەم
– پێشبڕکێ ی جیهانی لە تورکیا بەناوی (البرکە) ٢٠١٢
– پیشانگای خۆشنووسی لەیادی ڕاپەڕین – سلێمانی ٢٠١٢
– پیشبرکی ی خۆشنووسی لە تورکیا بەناوی (اکمل الدین احسان اوغلی) ٢٠١٣
– پێشبڕکێ ی خۆشنووسی وڵاتانی کەنداو لە کوەیت ٢٠١٣
– پیشانگای شێوەکاری لە ڤیستیڤالی قوتابخانەی خانەقین ی هاورێ ی ٢٠١٣
– چوارەمین پیشبرکێ ی خۆشنووسی لەسەر ئاستی کوردستان لە سلیمانی ٢٠١٣
خەلاتی یەکەم – خەتی تعلیق / پاداشتی یەکەم – خەتی سولسی گەورە
– پیشانگای هاوبەشی مامۆستایانی شێوەکاری ٢٠١٣
– چەند ئەلقەیەکی بەرنامەی خۆشنووسی لە تەلەفزیۆنی پەیام ٢/ ٢٠١٣
– ڤیستڤالی خۆشنووسی ترنجانۆی نێودەوڵەتی لە مالیزیا ٢٠١٣ پاداشتی پێنجەم
– پیشانگای خۆشنووسی بەناوی ( هەولێر پایتەختی گەشت و گوزاری ) ٢٠١٤
– پیشانگای شێوەکاری و خۆشنووسی لە ق/١١ی ئەیلول ٢٠١٤
– پیشانگای هاوبەشی مامۆستایانی شێوەکاری ٢٠١٤
– ڤیستڤالی خۆشنووسی ترنجانۆی نێودەوڵەتی لەمالیزیا ٢/ ٢٠١٤ پاداشت
– پێشبرکێ ی خۆشنووسی لە شاری نەجەف ٢٠١٤
– پیشانگای هاوبەش خۆشنووسی و نەخشسازی (ناخە پاکەکان ) ٢٠١٥
– بەرنامەی(نون) ی خۆشنووسی لە تەلەفزیۆنی کۆمەڵ ( ٣١ئەلقە) ٢٠١٥
– ( ١٠)بەرنامەی تەلەفزیۆنی ،(خامە) بۆ فێربوونی خەتی روقعە ٢٠١٥
– وانە بێژ و سەرپەرشتیکاری زیاتر لە ( ١٠) خولی خۆشنووسی
–

(خامە) هەوڵێکی بەندەیە بۆ سوود گەیاندن بەو لاوانەی کە ئارەزوومەندن بۆ هونەری خۆشنووسی و
به جۆرێک که له نوسینەکانیان نارِازیین ، وە هەوڵێکە بۆ پەرەپێدانی هونەری خۆشنووسی ،
لە (خامە) داهەوڵم داوە بە شێوەیەکی پراکتیکی و زۆر بە وردەکاری چرِو پرِ باس لە یەکە بەیەکەی نووسینی
پیتەکانی خەتی روقعە بکەم ، کە سەرەتایەکە بۆ خۆشنووسی و دەروازەیە بۆ خەتەکانی تر،
خەتی روقعە سەرەرِای جوانی و ناسکی یەکەی ، سادەو ساکارە بۆ نووسین و بۆ خوێندنەوە ،
پیتەکانی تێکەڵاو نین و کورتن و بە پانی قەڵەم دەنووسرێن ، سەرو بۆریشی نیە بۆیە لەبارە
بۆ زمانی کوردی ، هەروەها رۆڵێکی راستەوخۆی هەیە لە رێک وپێک کردن وجوانکردنی نووسینی ئاسایی .


**نوسینگەی تەفسیر**

بۆ بڵاوکردنەوەو راگەیاندن

هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس

+964 750 818 08 66

www.al-tafseer.com

tafseeroffice@yahoo.com

/TafseerOffice

*www.facebook.com/afandypage*
*www.facebook.com/karzanafandy*
*www.youtube.com/user/karzanafandy*
*www.instagram.com/karzanafandy*
*Www.twitter.com/KarzanAfandy*

964 750 4545980